# له تۆمەتبار حەمەسەعید حەسەنەوە
# بۆ
# دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر

سوپاس بۆ ئەو پێراگەیاندنەی بۆتان هەناردووم، دەزانن ئەوە یەکەمین جارمە دادگایەک ئاوڕم لێ بداتەوە. هەستم بە کەموکووڕی دەکرد، درەختی تەمەنم لە نیو سەدە هەڵکشاوتر بێت و هێشتا هیچ دادگایەک هیچ گومانێکی نەدابێتە پاڵم. زۆر سوپاس بۆ ئێوە، ئەو کەلێنەی ژیانی منتان پڕ کردەوە؛ بەڵام بە داخەوە هەولێر سەر بە عێراقە و منیش لەمێژە عێراقی نیم، ئەرێ ئێوە مافی دادگاییکردنی هاووڵاتیی ناعێراقیشتان، کە هەزاران میلیش لێتانەوە دوور بێت، هەیە؟ بە مەرجێک ئەو هاووڵاتییە ناعێراقییە، نە لە پشت تیرۆرەوە بووبێت، نە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتان بازرگانیی بە نارکۆتیکەوە کردبێت، نە یەکێک بووبێت لە قارەمانانی شەڕی نێوخۆ و نە دەستی لە ئەنفالدا هەبووبێت!

هەیە ئەندامی پارتییە و لە پارتیبوون تەنیا ئەوە دەزانێت، بڵێت: سەربازی ڕێبازی بارزانیم. منیش لە یاسا تەنیا ئەوە دەزانم، بڵێم: (گومانلێکراو تا گوناهێکی بەسەردا ساغ نەبێتەوە، بێتاوانە.) باشە ئەگەر ئەو تۆمەتەی کە بە ناڕەوا وەپاڵتان داوم، بە سەرمدا ساغتان کردەوە، ئایا ئەو سزایەی پێویستە بیدەم، لەو پارەیە زێتر دەبێت، کە بۆ هاتنەوەم پێویستە و کە دەبێت لەسەر ئێوە بێت؟ ئەگەر نا، کە ئەگەری نا زۆرترە، تکایە هەر زووبەزوو، دووربەدوور سزام بدەن و پاشماوەی پارەکەش بدەن بەو زانکۆیەی عەبدوڵڵا ئاگرین لێی مامۆستایە، با یەک دوو فاکسی پێ بکڕێت، چونکە شەوێکیان لە کوردستان تیڤییەوە گوێم لێ بوو، سەرۆکی ئەو زانکۆیە، دەیگوت: فاکسەکەمان شکاوە.

خۆ ئەگەر خۆم لە ڕاگەیاندنەکەتان نەبان بکەم و ئێوەش بە هۆی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە، کە ئەستەمە گوێ بۆ قسەتان ڕادێرێت، چونکە متمانەی پێتان نییە، ڕاپێچی هەولێرم بکەن، ئەوسا مافی ئەوەم هەیە، نوێنەری دەوڵەتی سوێدیشم لەگەڵدابێت، ئیدی هێندەی پارە تێ دەچێت، کۆلێژێکی پێ دەکرێتەوە. جا باشتر نییە داوا لە بەندەی خودا عەبدوڵڵا ئاگرین بکەن، مەشکەئاوێک بەم ئاگرەدا بکات و وەک چۆن دووعای لە خۆی کردووە و خۆی داوتە دەست خودا، هەمان ماف، چونکە هەمووومان لە بەردەم یاسادا، ئیدی ئاسمانی بێت، یان ڕێسمانی، پێویستە یەکسان بین، بە منیش ڕەوا ببینێت و منیش بداتە دەست خودا کە کەس لە خۆی دادپەروەرتر نییە!

ئەو زمانە بە ناو کوردییەی پێراگەیاندنەکەتان پێ نووسیوە، هێندە لاوازە، لە ئەنجامی بەدخۆراکییەوە، وا سەخت، تووشی کەمخوێنی بووە، خوڕ خوڕ گریانم بۆی هات. ئێوە هێشتا پرسیارێکتان لێ نەکردووم، کەچی بانگم دەکەن: تۆمەتبار! ئەوە چۆن هەر وا زوو تۆمەتتان لەسەر بار کردم؟ هیوادارم هەڵەی زمانەوانی بێت و مەبەستتان لە تۆمەتبار، سکاڵالێکراو بێت. ئاخر تۆمەتبار کەسێکە تۆمەتەکەی لەسەر ساغ بووبێتەوە. تۆمەتبار، هەر تاوانبارە، نەک کەسێک کە تەنیا سووکە گومانێکی لێ بکرێت.

پێڕاگەیاندنەکەتان ئەگەر چی تەنیا پێنج دێرە، وەلێ هێندە هەڵەی تێدایە بە زەحمەت دێنە دەستنیشانکردن. من هیچ نووسینێکم بە سەردێری: (عەولا عەولا بێ بۆ لام)ەوە لە کوردستان نێتدا بڵاو نەکردووەتەوە، ناونیشانی ئەو کورتەباسەی من، کە ئاگری لە عەبدوڵڵا بەر داوە، (فایلڕەشێکی نێو سەرکردایەتیی پارتی)یە. بە گوێرەی دێڕی دووەمی پێڕاگەیاندنەکەتان، کۆمەڵێ تۆمەتم داوەتە پاڵ



www.kurdistannet.org

دادخواز، بەڵام بە پێی دێڕی چوارەمی، تەنیا یەک تۆمەتم وەپاڵی داوە! فەرموون ئەوە ئێوە و ئەمەش بەشێکی تر لە هەڵەکانتان:

* بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، هەڵەیە، بە ناوی خوای گەورە و میهرەبانەوە، ڕاستە.
* لە ڕێگەی کوردستان نێت بۆ تۆمەتبار، هەڵەیە، لە ڕێگای کوردستان نێتەوە بۆ تۆمەتبار، ڕاستە.
* بەروار بە مانای ڕۆژ یان مێژوو، نایەت، بەروار ناوقەدی شاخە!
* لە ماوەی دوو مانگ، هەڵەیە، لە ماوەی دوو مانگدا، ڕاستە.
* لە بەردەم دادگای ناوبراو، هەڵەیە، لە بەردەم دادگای ناوبراودا، ڕاستە.
* ئەو تومەتانەی خستوتە پاڵ دادخواز، هەڵەیە، ئەو تۆمەتانەی وەپاڵ دادخوازت خستوون، ڕاستە.
* یاسایی سزاکان، هەڵەیە، یاسای سزاکان ڕاستە.
* ئەنجوومەن بە دوو (و) دەنووسرێت.
* بە (پێ ی) هەڵەیە، بە پێی، ڕاستە.
* عیراق، هەڵەیە، عێراق، ڕاستە.
* خستۆتە پالی بڵاوت کردۆتەوە، هەڵەیە، خستووەتە پاڵی و بڵاوت کردووەتەوە، ڕاستە.
* تەشهیر، عەرەبییە، کوردییەکەی، ناوزڕاندنە.
* جیش شعبی، عەرەبییە، بە کوردی سوپای میللییە.
* لەو پێنج دێڕەدا نە وێرگوڵێک بەدی دەکرێت، نە (خاڵ)ێک! تەنانەت کە پێڕاگەیاندنەکەشتان تەواو بووە، خاڵێکتان دانەناوە!

نازانن ڕستە بە خاڵ کۆتایی دێت و گەرەکتانە من بێمە بەردەمی ئێوە! ببوورن بە خوا دەترسم چ حەشرێکتان بە زمانی کوردی کردووە، بە منیشی بکەن! من بۆ بەردەمی دادگایەک دێمەوە ئازاد و سەربەخۆ بێت، نەک کۆیلەی حیزبی دەسەڵاتدار. دادگایەک لە بواری کاری خۆیدا بەتوانا بێت، نەک لە کەسانێکی هێندە نەشارەزا پێک هاتبێت، کە توانای نووسینی ڕستەیەکی دروستیان لە بواری شارەزایی خۆیاندا نەبێت. بۆ بەردەمی دادگایەک دێمەوە، بە هەمان چاو سەرنجی هەمووان بدات، ئاخر ئەگەر دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بێلایەن و شارەزای داد و شیاوی چەسپاندنی دادسالاری بووایە، ئەو داوانامەیەی فەرامۆش نەدەکرد، کە د. کەمال سەیید قادر، لە ٢٠٠٣/٩/٢٨ وە لەسەر د. سەعدی بەرزنجیی تۆمار کردووە.

ئەو یاسایەی ئێوە، نیازتان هەیە منی پێ دادگایی بکەن، ساڵی ١٩٧١ بەعس بۆ دەمکوتکردنی هەقبێژان دایڕشتووە. من بیست و سێ ساڵ بەر لە ئێستا لە دەست ئەو یاسا بەدفەڕە هەڵاتووم و ڕووم کردووەتە چیا و پاشان ڕێگەی غەریبیم گرتووەتە بەر. پێم سەیرە پێتان وایە، بە پێی خۆم دێمەوە بۆ سایەی هەمان چەقۆ! من نەک هەر دژی دەسەڵاتی داد نیم، بەڵکوو ساڵانێکە لە پێناوی دادسەروەریدا خەبات دەکەم، وەلێ جێی داخە ئێوە نوێنەری داد نین، ئەگەر نا، بێلایەن و شارەزا و شیاو دەبوون. ئەو دادگایەی ئێوە نەک تەنیا هەر لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە، لە هیچ ڕوویەکەوە شەرعی نییە، بۆیە بڕیاری ئێوە، لە دیتنی منەوە، نایاسایییە و ئەو (دادیار)ەی ئەو پێڕاگەیاندنەی مۆر کردووە، ئەگەر لەژێر گوشاردا یان بە دەمچەورکردن نەیکردبێت، هیچ دوور نییە، سەردەمی بەعس، هاوپۆشاکی (دادخواز) بووبێت.

2004. 03. 06